# دەسەڵاتداران نەك هەر وەڵام دەرەوە نین بەوەعی ئەنفال بەڵكو سەركوتی ئەو كەسانەش ئەكەن كەبۆ دیفاع لە خواستەكانی ئەوان هاتوونەتە مەیدان

## "دەستەیەك لەگە نجانی چەمچەماڵ و كۆڕێك بۆ خالد ئەیوب"

سەرلەئێوارەی ڕێكەوتی 2006/4/16 وەلە هۆڵی ڕۆشنبیری چەمچەماڵ دەستەیەك لەگەنجانی چەمچەماڵ هەستان بەسازدانی كۆڕێك بۆیادی ئەنفال ، لەكۆڕەكەدا خالد ئەیوب قسەو باسێكی لەسەر كارەساتی ئەنفال و وەزعی مەینەتباری ئێستای كەس و كاری ئەنفالەكان پێشكەش بەئامادەبوان كرد ، لەباسەكەدا خالد ئەیوب باسی لە وەڵام نەدانەوەو پشتگوێ خستنی خواست و وەزعی ئەنفالەكان كرد لەلایەن دەسەڵاتی كوردیەوەو وە ئیشارەتی بەوە كرد كە دەسەڵاتداران نەك هەر وەڵام دەرەوە نین بەوەعی ئەنفال بەڵكو سەركوتی ئەو كەسانەش ئەكەن كەبۆ دیفاع لە خواستەكانی ئەوان هاتوونەتە مەیدان وە وتی هەر ئێستا چەندین كەس لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە ڕاپێچی زیندان كراون تەنها بەتاوانی ئەوەی كەویستوویانە یادی ئەنفال بكەن بەبۆنەی هاتنە مەیدانی ئەوان بۆ بەدەست هێنانی خواستەكانیان وە وتی ئێمە لێرەوە سەرەڕای مەحكوم كردنی ئەو كارەی ئاسایشی سلێمانی داواكاری ئەوەین كەدەبێ ماف مانگرتن و خۆپیشاندان بەڕەسمی بناسرێ و نابێ لەژێر پەردەی هیچ بڕوبیانوویەكدا سەركوت بكرێ . لەدرێژەی قسەكانیدا خالد بەئامارێك بێدەربەستی دەسەڵاتی خستە ڕوو سەبارەت بەو كارانەی كەبۆ كەس و كاری ئەنفالەكان كراون .

شایانی باسە قسەكانی خالد ئەیوب بوە جێگای سەرنجی ئامادەبوان و چەندین پرسیارو موداخەلەی تێدا كرا وەهەر لەمیانی بەستنی ئەو كۆڕەدا ئاسایشی چەمچەماڵ هەوڵی ئەوەی ئەدا كە ئەو كۆڕە هەڵوەشێنێتەوە بەڵام بۆی نەچوە سەر...

ڕاگەیاندنی كۆمیتەی كەركوك

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

2006/4/17